# پێناساندن

به پێنووسی مامۆستا
ئیحسان قاسم ساڵحی
وەرگێڕی "سەرجەمی پەیامەکانی نوور"
بۆ زمانی عەرەبی

بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ومن والاه..

باشترین نموونەیەك پێشکەشی بەردەستی خوێنەری بەڕێز سەبارەت بە چەند لایەنێکی ژیانی دانەر (مامۆستا بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی) ئەو نامەیەیە کە مامۆستا خۆی بۆ سەرۆك وەزیران و وەزارەتی دادپەروەری و وەزارەتی ناوخۆی ناردووە، چونکە پوختەیەکی سەروزیادە و تیشکی ڕووناکی ئاراستەی چەند لایەنێکی ئەوتۆی ژیانی دەکات کە شایانی ڕەچاوکردن و سەرنج لێدانن.

ئەو نامەیە وێڕای ئەوەی کە بەشێکە لە بەرگرییەکانی مامۆستا نوورسی لەبەردەم دادگاکانی تورکیادا، لە هەمان کاتدا بەڵگەنامەیەکی مێژوویشە بۆ ڕووداوەکانی ژیانی.

ئەم بڕگانەی پێشوو بەشێك بوون لەو نامەیەی مامۆستا نوورسی کە لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، تاکو خوێنەری بەڕێز پوختەیەکی ژیانی دانەر و چەردەیەکی لە ناوەرۆکی پەیامەکان لە بەردەستدا بێت کاتێ دەست بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەکات.

پاشان:

لێدوان و لێکۆڵینەوەی کاروبارە غەیبی‌یەکان زۆربەی جار هێندە گمروگرفتیان دێتەڕێ کە نووسەر و توێژەر لە مەبەست دوور دەخەنەوە، یاخود ناچاری دەکەن پەنا بەرێتە بەر ئاسانترین و کورتترین ڕێ بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی، وەك بڵێی کۆڵێکی قورسی لەسەر شان بێت و بیەوێ دایبگرێت!

چونکە توێژەری ئەم چەشنە باسانە لە یەکێك لەم دوو ڕوانگەیەی خوارەوە سەرنج لە بابەتە ئیمانی و غەیبی‌یەکان دەدات:

یەکەم:

ڕوانگەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ کە تا دنیا دنیایە دارای سیفەتی نەگۆڕی و بەردەوامی و مانەوەن.

دووهەم:

ڕوانگەی توانا و لێهاتن و هەست و پەی پێ بردنی "عەقڵ"ی مرۆڤ و، قووڵیی بۆچوونەکانی و فراوانیی ئەندێشەکانی.. کە هەموو ئەمانەش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت و هەمیشە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و لە بەرەیەکی مرۆڤەوە بۆ بەرەیەکی تر جیاواز و جۆراوجۆر دەبن.

ئاشکرایە کە تەنها خستنەڕووی دەقەکانی ڕوانگەی یەکەم، یان تەنها پشت بەستنی مرۆڤ بە ڕوانگەی دووهەم، ئیمانێکی کاملی دوور لە ناتەواویی بۆ نارەخسێ!

چونکە بە تەنها هێنان و خستنەڕووی یەك بە یەکی دەقی ئایەت و فەرموودە پیرۆزەکان ئەرکی زیندووکردنەوەی ئیمان - بەتایبەت لەم سەردەمەدا - ناگرنە ئەستۆ، بە بێ خستنەکاری ژیری و هەستەکانی تری مرۆڤ کە لەگەڵ توانایی و لێهاتنەکانیدا گونجاون..

هەروەها ناشتوانرێ هەست و نەست و توانستە ژیرییەکانی مرۆڤ و فراوانیی ئاسۆی بیرکردنەوەشی بکرێن بە بناغەیەك بۆ بنیاتنانی تەلارێکی ئیمانیی مەحکەم، گەر تیشکی بینایی "دڵ" و بێداربوونەوەی "گیان" و ئیلهام وەرگرتنی "ناخ"ی مرۆڤی لە "ئایەت و فەرموودەکان" لەگەڵدا هاودەم نەبن!

جا لەسەر ئەم بناغەیە، دەردەکەوێ کە سەلماندنی بابەتە غەیبییەکانی ئیمان، پشت بە دوو ستوون دەبەستێ:

یەکەم:

هیدایەتی پەروەردگار..

دووهەم:

ڕێنمایی قورئانی پیرۆز کە هاودەم بێت لەگەڵ خستنەکاری سەرجەمی ئەو هەست و نەست و پەی بردنە کەمانەی کە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیون، لە ئاستێکی یەکجار فراواندا، تاکو مرۆڤ بتوانێت ئیلهامەکانی ئیمان لە ئاسمانی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەی پیرۆزەوە وەربگرێت.

جگە لەمە پێویستیی فیترەتی مرۆڤیش بۆ ئیمان، کە تا بناغەکانی ئیمان لەناو دڵاندا کز و لاواز بن ئەویش پتر پەرە دەسێنێ، ئەم پێویستییەش، هەمیشە و بەپێی چەرخەکان دەگۆڕێ و لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاواز دەبێت.

له‌مانه‌وه كه باس كران، ڕاستیی ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی پێغه‌مبه‌رمان ﷺ بۆ ڕوون ده‌بێته‌وه كه ده‌ری ده‌خات:

چاودێریی فراوان و گشتیی خوای گه‌وره، سه‌ری هه‌موو سه‌د ساڵێك مرۆڤی نوێكار بۆ موسڵمانان ده‌نێرێت، تاكو "كاروباری ئایین"یان بۆ نوێ بكاته‌وه!

له‌وانه‌یه كه‌سێك بپرسێ:

ئایا چ حیكمه‌تێك له نوێكردنه‌وه‌ی كاروباری ئاییندا هه‌یه؟

یان:

چ دانایه‌ك له ته‌واتور و به دوای یه‌كداهاتنی نوێكاره‌كاندا هه‌یه؟

ئایا بۆچی هێشتا ئایینی ئیسلام كامڵ نه‌بووه؟

له ڕاستیدا بیركردنه‌وه له‌م باسه، په‌یوه‌ندیی نێوان دوو شتمان بۆ ده‌رده‌خات:

یه‌كه‌م:

نوێكردنه‌وی كاروباری "ئایین" كه هه‌میشه و هه‌تا هه‌تایه كامڵ و نه‌گۆڕ و ته‌واوه..

دووهه‌م:

"پێویستیی مرۆڤ به ئایین" كه پێویستی‌یه‌كه پابه‌ندی هه‌ست و بۆچوون و بیركردنه‌وه‌ی "هه‌میشه بگۆڕ"ی مرۆڤه.

كه‌واته ده‌بێ مرۆڤ توانا و لێهاتن و هه‌ست و نه‌ست و په‌ی بردن و بیركردنه‌وه‌ی به‌رده‌وام فراوانه‌وه‌ی خۆی بۆ قووڵكردنه‌وه‌ی ڕه‌گ و بنچینه‌كانی ئیمان له ناخیدا بخاته كار و، نیعمه‌تی "ملكه‌چ بوونی فیتره‌تی بۆ ئیمان" بێدار بكاته‌وه، مادەم سه‌رچاوه‌ی "ئیمان" و "قورئان" و "فه‌رمووده"

هەرگیز وشك نابن و کانیاوێکی بەخوڕ و نەبڕاوەی ئەوتۆن کە تینوێتیی ئیمانداران بۆ پلەکانی ناسینی خوای گەورە تێراو دەکەن و، مادەم – لە لایەکی دیکەوە – مرۆڤ خۆیشی بە سروشت عەودالی دۆزینەوەی گەوهەری زانستە.

ئا لێرەوە دەردەکەوێ کە "نوێکارەکان" نوێنەری چەرخەکانیان و، ڕێنمایی و ڕابەرایەتیی ئادەمیزادی سەردەمەکانی خۆیانی پێ دەکەن بەرەو سەرچاوەکانی ئیمان و نۆشکردنی ئاوی ژیان لە کانیاوی کاکڵە و ناوەڕۆکی ئایەتەکانی "قورئان" و شیلە و گوڵاوی "فەرموودە" پیرۆزەکاندا، تاکو ئیمانداران لە هەر جێیەکدا و لەسەر هەر شێوە و چۆنێتییەك بن چێژی ئیمانیان دەست بکەوێ.

هەر لەبەر ئەم ڕاستییەش بووە کە ئەو نوێکارانە – بەوپەڕی شایستەیی – نازناوی "میراتگری پێغەمبەرانیان" خەڵات کراوە..

چونکە خوای گەورە بینینێکی ڕوون و فراوان و گشتی و.. بینایەکی دەروونیی تیژ و.. توانستێکی ناوازە بۆ ڕۆچوون بە ناخی ئایەت و فەرموودەکاندا، بە مرۆڤی نوێکاری کاروباری ئایین دەبەخشێ، تاکو بتوانێت ئەو ئەرکەی پێی سپێرراوە بە تەواوی ڕاپەڕێنێت.

ئەم ڕاستییە هێندە ئاشکرایە کە هەرکات سەرنج لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤی نوێکار دەدرێ – هەر لە منداڵییەوە تا کۆچی دوایی لەم جیهانەدا – دەردەکەوێ کە هەر لە بناغە و سەرەتاوە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە و ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ نراوە. دەبینیت سەرجەمی ژیانی تۆمارێکی تێروپڕە و، وێنەی سەردەم و چەرخەکەی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئیماندارانی ڕۆژگاری خۆی لە ئاوێنەی ژیانیدا دەردەکەوێ و، دەبینرێ کە ئەو نوێکارە – بەردەوام – ڕاستە شەقامیان نیشان دەدات.

"بەدیعوززەزمان مامۆستا سەعیدی نوورسی"ش خوای گەورە هێندە نووری قورئانی پیرۆزی بەسەر دڵ و دەروونندا پەخشاندووە کە ئامادەی کردووە بەوپەڕی هەڵمەت و چاونەترسی و دامەزراوی و باوەڕبەخۆبوونەوە، بڕواتە ناو جیهانی ئیمان و مەیدانی بابەتە غەیبی‌یەکانەوە، بە تایبەت لە چەرخێکدا کە هێزە ماددی‌یەکان هێندە تیایدا زاڵ بوون کە پەردەیان بەسەر چاوی مرۆڤ و بەسیرەتی دڵاندا داوەتەوە و، دوارۆژ نابینن و، بابەتە پەنهانە غەیبی‌یەکانیش لەناو دڵاندا کز و لاواز بوون و، چاوەڕوانن کەسێك بێت لە ژەنگ و تەپوتۆز و تەمومژی کەڵەکەبووی ساڵەهای ساڵ خاوێنیان بکاتەوە و، بریسکەی پرشنگی ئیمانیان لێ بدرەوشێنێتەوە!

ئا لەم کاتەدا "بەدیعوززەمان" هات و، نووری هیدایەتی پەروەردگاری کرد بە توێشووی خۆی و.. ئنجا گشت لێهاتن و کارامەیی و توانستە بەرزەکانیشی - کە خوای گەورە پێی بەخشیبوو - لە قۆزتنەوەی ئەو زانستە کۆن و نوێیانەدا خستەکار کە هەر لە مێژەوە تا ڕۆژگارانی سەردەمی خۆی لەسەر "خەرمانی زانست"ی چەرخەکەی مەڵۆ بووبوون.. دوای ئەمانەش، ئاسۆ فراوان و بەرینەکانی سەرجەمی پێداویستی‌یەکانی مرۆڤی هاوچەرخی لە پێش چاودا خرانە سەرپشت..

هەموو ئەمانە، بوون بە بەردی بناغە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانی و، کردیان بە سوارچاکی ئەو مەیدانە و، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە مامۆستا "نوورسی" چ لە پەیامەکانیدا و چ لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی قوتابی‌یەکانیدا، نموونەیەکی ڕاستەقینەی نوێکاری ڕابەر و شوێن پێ هەڵگری هەنگاوەکانی نووری هیدایەتی قورئان و سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەرە ﷺ.

بەڵێ، چاودێریی پەروەردگار خواستی وابوو کە بەسیرەتێکی تیژ و توانستێکی سەرسوورهێنەر بە "نوورسی" ببەخشێ، تاکو - لێزانانە - زانستە عەقڵیيە نوێکانی لەمەڕ سەردەم و زانستە شەرعیيەکان ئاوێتەی یەکتر بکات، بە ڕادەیەك کە هەست دەکەیت ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەی زانستەوە زانیارییەکان هەڵدەگۆزێ نەك لە جۆگەلە و ڕووبارە باریك و لاوەکییەکانەوە.

دەبینیت بە ڕەوانبێژییەکی ڕوون و ڕەنگین و شێوازێکی قەشەنگ و پاراوی ئەوتۆ کە "عەقڵان"ی پێ دەحەوێنەوە و "دڵان"یشی پێ دەسرەون، چارەسەری و ڕێنمایی بۆ سەخت و ئاڵۆزترین کێشە و گیروگرفتی "ژیان" و "ئیمان" و "غەیب" دەستنیشان دەکات و، سەرجەمی خواستە نادیارەکانی "ژیری" و "دڵ"ی مرۆڤیان تێدا دەست دەکەوێ و لە دڵەتەپێ و نیگەرانی ڕزگاریان دەکات، بێ ئەوەی - ئەم شێوازە - سەر لە زەین و تێگەیشتنی مرۆڤ بشێوێنێت یان لە باسە لاوەکییە (دوور لە بناغەییە)کاندا نوقمیان بکات!

ئنجا بۆ ئەوەی - ئەم شێوازەی - بتوانێ ژیرییەکان لە "پەرتەوازەیی" و دڵەکانیش لە "بێبڕاوی" ڕزگار بکات و خاترجەمییان پێ ببەخشێ و لە دەردی "شپرزەیی" بیانپارێزێت، خوای گەورە توانایەکی ئەوتۆی پێ بەخشیوە کە بتوانێت "نموونە"ی قەناعەت بەخشی نزیك لە "ژیری" و "دڵ"ی مرۆڤەوە بۆ باسەکانی بهێنێتەوە و، توانای مەنتیقی سروشتی و بەڵگە هێنانەوەی ژیریی قەناعەتدەر و بەهێزی داوەتێ لە چارەسەرکردنی کێشە و بابەتە غەیبییەکانی ئیماندا.

جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م په‌یامانه‌ هه‌میشه‌ ئاسۆی ئیمانیی نوێتر له‌به‌رده‌م خوێنه‌ریاندا والاّ ده‌كه‌ن كه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌م جاردا نه‌یبینیبوون، ئه‌وا هه‌تا زیاتر بیانخوێنێته‌وه‌ پتر چێژ و زانیاریی نوێیان تێدا ده‌بینێته‌وه‌.

له‌ خوای گه‌وره‌ داواكارین كه‌ له‌ سوودی "زانسته‌كانی ئیمان" به‌هره‌مه‌ندمان بكات و، له‌ میهره‌بانی‌یه‌كه‌شی ئومێده‌وارین كه‌ ئیخلاسمان له‌ كردار و گوفتاردا پێ ببه‌خشێ.

انه نعم المولى ونعم النصير.

ئیحسان قاسم ساڵحی

# پێرستی بابەتەکان


**بابەت** — **لاپەڕە**

پێناساندن .......................................... ٥-١٦

**چەند ڕاستی‌یەك لە بارەی نوێژەوە**

نوێژ کۆڵەکەی ئایینە .......................................... ١٩-٢٢
حیکمەتی کاتەکانی نوێژ .......................................... ٢٣-٤٠
تاسەمەندی بۆ نوێژ .......................................... ٤١-٥٤

**چەند یادخەرەوەیەك لە بابەتی ناسینی خوای گەورە**

**پێشەکی** .......................................... ٥٧-٥٨
**یادخەرەوەی یەکەم:** گوفتارێك ئاراستەی دەروون کراوە .......... ٥٩-٦٠
**یادخەرەوەی دووهەم:** جگە لە خوا کەس لە خۆت بە مەزنتر مەزانە خۆیشت لە هیچ شتێك بە گەورەتر دامەنێ! .......... ٦٠
**یادخەرەوەی سێهەم:** دنیا زۆر بە پەلە دێت و دەڕوات، کۆڵێك مەخەرە ئەستۆی خۆت پێت هەڵنەگیرێت! .......... ٦١-٦٢
**یادخەرەوەی چوارەم:** لە زیندووبوونەوەی قیامەتدا، خودی هەموو مرۆڤێك زیندوو دەکرێتەوە .......... ٦٢-٦٣
**یادخەرەوەی پێنجەم:** گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەورووپای دووهەم .......... ٦٣-٨٠

یادخەرەوەی شەشەم: زۆریی ژمارەی کافران و ئینکاریيان نرخ و
بایەخی نیيە ........................ ٨٠-٨٤
یادخەرەوەی حەوتەم: گوفتارێك بۆ ئەو كەسەی كە موسـڵمانان
بۆ كەرەسە و شمەكی قەڵبی دنیای فانی هان
دەدات ........................ ٨٤-٨٨
یادخەرەوەی هەشتەم: لەزەت و بەختەوەری لە كاركردندا و ئازاریش
لە تەمبەڵی و كارنەكردنایە ........................ ٨٨-٩١
پاداشت لە دووتوێی كار و كۆششدا هەيە ........................ ٩٢-٩٥
هەموو شتێك شايەتی لەسەر خوای گەورە دەدات .. ٩٥-٩٨
یادخەرەوەی نۆهەم: "پێغەمبەریتی" پوختەی هەموو خێر و كەماڵێكە و
ئایینی ئیسلام پێرستی گشت بەختەوەرییەكە و
"ئیمان"یش جوانیی پاك لە هەموو خڵتەیەكە ...... ٩٨-١٠١
یادخەرەوەی دەهەم: نوورەكانی ناسینی خوای گەورە سێ بەشن .... ١٠١-١٠٢
یادخەرەوەی یازدەهەم: پلەی میهرەبانیی فراوان و شەفەقەتی مەزنی
قورئانی پیرۆز بەرامبەر جەماوەر ........................ ١٠٣-١٠٤
یادخەرەوەی دوازدەهەم: نزا و لالآنەوەیەك ........................ ١٠٤-١٠٦
یادخەرەوەی سیازدەهەم: پێنج مەسەلەی تەماوی و تێكەڵ كە
پێویستیان بە ڕوونكردنەوە هەیە ........................ ١٠٧-١٢٠
یادخەرەوەی چواردەهەم: چوار هێمای بچووك تایبەتن بە تەوحیدەوە .. ١٢١-١٢٦
یادخەرەوەی پازدەهەم: درەوشانەوەی ناوی "الحفيظ"ی خوای گەورە ١٢٦-١٣٠
چی دووچاری زایەبوولی كردووین؟ ........................ ١٣١-١٣٤
پوختەیەك لە ژیانی دانەر ........................ ١٣٥-١٣٨